# یەکەم و دوا ئاگاداری بۆ هەندێك لە گەورە بەرپرسانی کوردستان .

هیوا دەریایی

*لە بەر ئەوەی پارتە کوردستانییەکان جێگای حکومەت و دەزگا سڤیلەکانیان گرتووە ، ئەویش لە بەر چەند هۆیەکی مێژووی، ئیتر بە سەدان لق ومەڵبەند و ناوچە و کۆمیتە و ئەنجومەن و نووسینگە و دەزگای جۆراوجۆریان هەیە لە سەرانسەری کوردستان و دەڤەر و ولآتەکانی دیکە، لەم هەموو شوێن جێگاکانیشدا بە هەزارەها پیاو و ئافرەت وژن و کور و کچ و لاو و گەنج و جوان و ناشرین و پیر و دڵسۆز و زانا و پۆرفیسۆر و ناشارەزا و لادەیی و ...... کار دەکەن .

بەلآم ئەوانەی ئەز دەخوازم باسیان لیێوە بکەم، ئەو هەموو ئافرەت و ژن و کچە جوانەکانی نێو دەزگاکانی جۆراوجۆرەکانی پارتە کوردستانییەکان دا کار، کە زۆربەی زۆریان بەردەوام بەرامبەر ترسناکترین مەترسین !!، ئەویش هەوڵدانی بەردەوام و بێ پسانی هەندێك لە گەورە بەرپرسانی خودی پارتە کوردستانییەکانە بۆ بەستنی پەیوەندی سێکسی لە گەڵ ئەو ژن و کچانە دا !! ئەوانەی زیاتریش دەکەونە بەر مەترسی ئەم هەرەشەیە، ئەو کچ و ئافرەتە جوانانەن کە لە نێو دەزگا میدیاکانی خودی حیزبەکان دا کار دەکەن، ئەوجا ئەوانەن کە لە نێو ریزەکانی یەکێتیەکانی ئافرەتان و ژنان و خانمان دا چالآکی دەنوێنن !! ئەوجا ئەوانی دیکە وتا دەگاتە هەندێك لە بچووکترین شوێن و دەزگا.

بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێکە – بە ڕێکەوت – لە نزیکەوە لە سەر چەندین حاڵەتی لەم چەشنە راوەستام ،لە ڕێگای نامە و تەلەفۆن و ئیمێل و تەلەفۆن گوێ بیستی زۆر شتم بووم و زۆر دیکۆمێنتیشم بە دەست کەوت. بەلآم ئەوەی جێگای سەرسوورمانە، داکۆکی هەندێك لە گەورە بەرپرسانە لەسەر بەستنی پەیوەندی سێکسی لە گەڵیاندا ئەگەر بە زەبری هەرەشەش بیت !! نمونەی حاڵەتی لەم چەشنە زۆرن.

من وەکو کەسێك هیچ کاتێك دژی هیچ جۆرە پەیوەندییێك نەبوومە مەگەر سێکسیش بیت ، بەلآم بۆچی بە توندی و بە هەرەشە ؟ بۆچی بە فشار و ترس و تۆقاندن ؟

پێویستە هەندێك لە گەورە بەرپرسانی کوردستان، کە چاك خۆیان دەناسن، بزانن کە ئەمرۆ رۆژی ئەنتەرنێت و ئەمریکا وجیهانگیری و تەکنەلۆژیا و قەڵەم و مافی مرۆڤ و ئازادی و یاسایە، ئێمە لە گوندێك دا ناژین ئاغا بە هەوەسی خۆی سوارمان ببیت !!، بۆیە پێویستە ئەم بەرپرسانە زۆر وریا بن و ڕێزی خۆیان و ڕێبازی پارتەکانیان بگرن و خۆیان تووشی دەردێك نەکەن کە دەرمانی نییە، ئەگەر نا، ئەوە ناچار دەبم جاری داهاتوو بە ناو و دیکۆمێنت و کات و شوێنیش شتەکان بنووسم و بیسەلمێنم، ئەوساش باسی تەنها کوردستان ناکەم، بەڵکو باسی بەغدا و سوید و ئاڵمانیاش دەکەم .

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.